


زینە جەمیل:

# خانەوادەکەم ئازادییەکی تەواویان لە وەرزشدا پێ بەخشیوم

**یەکێك لە یاریزانە بە تواناکانی یاریی فوتساڵ لە شاری دهۆك، یاریزان زینە جەمیل ئەحمەد کە ئەم وەرزە لە یانەی زێرەڤانییەوە پەیوەندیی بە یانەی ئافرەتانی هەولێر کردووە، ئەم ساڵ لەگەڵ یانەکەی شاری هەولێر ئاستێکی بەرزی پێشکەش کردووە هەر بۆیە توانیشی لەگەڵ یانەی ئافرەتانی هەولێر پلەی دووەمی خولی نایابی فوتساڵی کچانی یانەکانی کوردستانی بەدەستبێنێت، زینە لە دایکبووی ساڵی ١٩٩١ی شاری دهۆکە، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کردو ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

دیمانە: کارزان کانەبی

***چۆن پەیوەندیت بە یانەی ئافرەتانی هەولێرەوە کرد؟**

- پێشتر لە یانەی وەرزشیی زێرەڤانی بووم، بەڵام بەهۆی چەند کێشەیەکەوە یانەکەم جێهێشت و بەرەو یانەی ئافرەتانی هەولێر هاتم و لەگەڵ ئەوان ڕێکەوتم.

*** بەچ شێوەیەك لەگەڵ یانەکەی پایتەخت پێك هاتوون؟**

- وەکو یاریزانێك بە گرێبەست و مووچەی خۆم لەگەڵ ئەوان ڕێکەوتم.

*** هەست ناکەی لە کوردستان وەکو پێویست گرنگی بە یارییەکانی فوتساڵ نادرێت؟**

- ڕەنگە ئەگەر بڵێم گرنگی پێ نادرێت ئەوە بەهەلە داچووبووم، لە چاو ساڵانی پێشووتر زۆر باشترە ئاستی ئەم یارییە، بەڵام لە چاو یارییەکانی کوڕان ڕاستە گرنگی وای پێ نەدراوە لە رووی مادییەوەش گرنگیەکەی زۆر کەمە، گرێبەستی یاریزانانی کوڕ لە نێوان ٥٠بۆ ٦٠ملیۆن دینارە کەچی مووچەی کچان تەنیا مانگانە ٢٠٠هەزاریان پێ دەدرێت.

*** ئەم ساڵ کێشەی هاتوچۆت بۆ دروست نەبوو لە رووی پابەند بوون بە مەشق و یارییەکان لە دهۆکەوە بێتە هەولێر؟**

- من هەموو رۆژەکان لێرە نەبوویمە، چونکە لە هەولێر لەماڵی خاڵم ژیاوم، بەڵام بۆ وەرزشکار وا خۆشترە کە لە ماڵی خۆی وەرزش بکات، هەر چەندە لە یانەی ئافرەتانی هەولێر زۆر ئاسوودەم.

*** بڕیاری ئەوەت نەداوە بگەڕێیتەوە شارەکەی خۆت؟**

- تاکو ئێستا هیچ بڕیارێکی وام نەداوە.

*** هیچ گرێبەستت بۆ هاتووە لە لایەن یانەکانی تر؟**

- بەڵێ بۆم هاتووە، بەڵام من هیچ بڕیارێکم نەداوە لەسەر چارەنووسی خۆم.

*** پێت باشە چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی یاریی فوتساڵی کچانی بەرز بکرێتەوە؟**

- هەموو یاریزانێك لەسەر ئاستی خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئاستی خۆی بەرز بکاتەوە زۆر جاریش گرێبەست و مووچەی یاریزانان رۆڵی خۆی دەبینێ، لە هەمان کاتیشدا زۆری کردنەوەی پاڵەوانێتی و گرنگیدانی زیاتر بە ئاستی کچان خۆی دەبێتە هۆی بەرز کردنەوەی ئاستی ئەم یارییە، لە هەمان کاتیشدا دروست کردنی هۆڵ و پشتگیری مادی و مەعنەوی دەبێتە هۆی گەشە کردنی ئاستی یارییەکە.

*** لە کوردستان چ یانەیەك بە ڕکابەریی یانەی ئافرەتانی هەولێر دەزانی؟**

- هەر یەکە لە یانەکانی زێڕەڤانی و ئەفرۆدێت کە دوو یانەی زۆر بەهێزن.

***کێشەو گرفتتان چییە وەکو یاریزانان؟**

- هیچ یانەیەك نیە کێشە و گرفتی نەبێت، بەڵام ئەوەی تایبەت بێت بە ئێمە ئەوە بوو کە خولی فوتساڵی کچان تەواو بوو ئێمە لە یاریگای خۆمان یاریمان نەکردووە و لە ژێر کاری نۆژەن کردنەوە بوو، یاریگایەکی باشمان نەبوو هەر رۆژێ لە یاریگایەك مەشقمان دەکرد.

*** کێشەت بۆدروست نابێت لە شارێکی دیکەوە دێتە هەولێر بۆ وەرزش کردن؟**

- من لە خانەوادەیەکی باش پەروەردە کراوم کە ئازادییەکی تەواویان پێم داوە لە ورەزش کردن منیش لە ژێر ئەو متمانەی ئەواندام، هیچ کێشەیەکم نییە.

*** هیواو ئاواتت لەم یارییەدا چییە ؟**

- بەهیوای ئەوەم رۆژگارێك دابێت لە داهاتوو ببمە ڕاهێنەری تیپێکی کچان.

*** بەچ یاریزانێکی جیهانی زۆر سەرسامی؟**

- زۆر بە ئەنێستای یاریزانی هێڵی ناوەڕاستی یانەی بەرشەلۆنە سەرسامم لە ناو یاریگا.

# سوارێز.. میسی باشترین یاریزانە




هێرشـــبەری یانەی لیڤەرپۆلی ئینگلیزی لویس ســوارێز دووپاتی کردەوە کە بڕوای تەواوی هەیە یاریزانی ئەرژەنتینی و یانەی بەرشــلۆنە لیۆنیل میســی بگەڕێتەوە ئاســتی جارانی. هەروەها سوارێز لەلێدوانێکیدا بۆ رادیۆی کەتالۆنیا وتی: پێویستە لەسەر هاوڕێیەکانی میسی دەستی یارمەتی بۆ درێژ بکەن لەکاتــی یاریەکاندا، چونکە لەرابردوودا ئەو یاریزانە زۆری پێشــکەش بە بەرشەلۆنە کردووەو لەئێستاشدا ئەو پێویستی بەیارمەتیی ئەوانە.

هەر لەدرێژەی قســەکانیدا لویس سوارێز رایگەیاند میسی چاك بۆتەوە لەو زنجیرە پێکانەی کە تووشی هاتبوون، بۆیە بەگەڕانەوەی پێویســتی بەهەنــدێ کات هەیە بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ئاستی جارانی کە لەرابردوو پێشکەشی کردووە.

لەکۆتاییدا سوارێز وتی: من دڵنیام لەوەی میسی سەرلەنوێ ئاستە بەرزەکەی پێشکەش دەکاتەوە کە پێشتر بینیبوومان و ئارەزوومان دەکرد ببینین.






# سیسک فابریگاس: دیار نییە ئەم وەرزە کێ دەبێتە پاڵەوان

یاریزانی یانەی بەرشلۆنە سیسك فابریگاس رایگەیاند خولی ئەم ساڵی ئیسپانیا لە کۆتاییەکانی نزیك دەبێتەوە، بەڵام لە ئێستادا دڵنیا نییە لەوەی کێ دەبێتە پاڵەوانی ئەم وەرزە، چونکە سێ یانەی بەهێز کێبڕکێیانە ئەمانیش بەرشلۆنە و ریال مەدرید و ئەتلەتیکۆ مەدریدن. هەروەها فابریــگاس بە ماڵپەری فەرمی یانەکەی وتووە لە ئێســتادا کێبڕکێی ئەم وەرزە هاوتاو یەکســانە لەنێوان هەر سێ یانەی ســەرەوەی ریزبەندی خولەکە لەرووی خاڵەوە، بۆیە یانەکەی لەهەوڵی بردنەوەدایە لەســەرجەم یاریەکانی داهاتوو بۆ ئەوەی هیچ هەلێك بەتیپە رکابەرەکانی نەدات پێشی بکەون و لە ریزبەندی پێشەوەی وەرزی ئەم ساڵ بن.

شایانی باســە ئەم قسانەی سیسك فابریگاس دوابەدوای یاریی یانەکەی بەرامبەر ســیڤیلیا دێت کە توانی یاریەکە بباتەوەو لەپێشەوەی ریزبەندی بمێنێتەوە بە٥٧ خاڵ بە جیاوازی گۆڵ لەگەڵ هەردوو یانەی ریال مەدرید و ئەتلەتیکۆ مەدرید.

## یانەی میلان رایگەیاند رۆبینیۆ پێکانی هەیە




یانەی ئەی سی میلانی ئیتالی رایگەیاند هێرشبەری یانەکەی رۆبینیۆی بەرازیلی دووچاری پێکان هاتووە لە ماسوولکەی رانی چەپی، بۆیە بۆ زیاتر لەهەفتەیەك لەیاریگاکان دوور دەکەوێتەوە بەتایبەت لەیاریی یانەکەی بەرامبەر یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید لە یاریی چوونی خولی پاڵەوانانی ئەورووپا کە لە ١٩ی ئەم مانگە بەڕێوە دەچێت. هەروەها یانەی ناوبراو روونی کردەوە کە تیمە پزیشکییەکان لەماوەی هەفتەی داهاتوودا پشکنینی تەواو دەکەن بۆ زانینی جۆری پێکانەکەی و ماوەی دوورکەوتنەوەی لەیاریگاکان. شایانی باسکردنە یاریزانی بەرازیلی و یانەی ئەی سی میلانی ئیتالی رۆبینیۆ لەیاریی یانەکەی بەرامبەر یانەی ناپۆلی دووچاری پێکان هات، بۆیە راهێنەر لەماوەی نێوان هەردوو گێمی یارییەکە گۆڕانکاری پێ کردو داینیشاندو ریکاردۆ کاکای هاونیشتمانی لەشوێنیدا یاری پێ کرد.



## کەریم بنزیمە:
## رۆناڵدۆی بەرازیل
## باشترین یاریزانی تۆپی پێیە لەمێژوودا

یاریزانی نێودەوڵەتیی هەڵبژاردەی فەرەنسا و یانەی ریال مەدرید کەریم بنزیمە رایگەیاند خۆشحاڵە کە ژمارەی گۆڵەکانی لەگەڵ یانەکەی گەیشتۆتە هەمان ژمارەی گۆڵەکانی ئەستێرەی درەوشاوەی هەڵبژاردەی پێشووی بەرازیل رۆناڵدۆ لەو کاتەی لە یانەی شاهانە بوو.
هەروەها بنزیمە بۆ رۆژنامەی ئاسی ئیسپانی دووپاتی کردۆتەوە کە رۆناڵدۆ باشترین یاریزانی تۆپی پێ بووە لە مێژوودا شانبەشانی زیدانی فەرەنسی.
لەبارەی یارییەکانی داهاتووی لەگەڵ یانەی ریال مەدرید، کەریم بنزیمە رایگەیاند ئەو گۆڵانە زیاتر هانم دەدەن کە گۆڵی تر تۆمار بکەم و دەستکەوتی زیاتر لەگەڵ تیپی شاهانە بەدەست بهێنم.
شایانی وتنە کەریم بنزیمە توانیویەتی لەگەڵ یانەی ریال مەدرید لەسەرجەم یاریەکانی لەوەتەی لەیانەی لیۆن هاتووە، ١٠٤ گۆڵ تۆمار بکات و یەکسان بێت بەژمارەی گۆڵەکانی رۆناڵدۆی بەرازیلی.

ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال



# یانەی سلێمانی بە یاریزانی ڕۆمانی و میسری و عێراقی شەڕی سەرکەوتن دەکات

بەمەبەستی بەهێزکردنی پێك هاتەی یانەکەی و بەدەست هێنانی ئەنجامێکی شایستە لە یارییەکانی ئەم وەرزی گەیشتن بە یارییەکانی خولی نایابی عێراقی، دەستەی کارگێڕیی یانەی وەرزشی سلێمانی گرێبەستی لەگەڵ چوار یاریزانی پیشەگەری خولی یانەکانی ڕۆمانی مۆرکرد، لە بارەی هێنانی ئەم چوار یاریزانە پیشەگەرەش مامۆستا سەلاح محەمەد کەریم ئەندامی دەستەی کارگێری یانەی وەرزشی سلێمانی بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» بەمەبەستی بەهێز کردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەمان لەم وەرزە کە چەندین یاریزانی بەتوانامان پەڵکیشی یانەکە کردووە تەنیا بەمەبەستی گەڕانەوەی تیپەکەمان بۆخولی نایابی عێراقی، بۆیە ئەم ساڵ لە دوای هێنانی ڕاهێنەری یانەکەمان حەمید سەلمان دەسەڵاتی تەواومان پێدا بۆ دەست نیشان کردنی یاریزانانی بەتوانا بۆ یانەکە، هەر بۆیە دەستەی ڕاهێنەرانی تیپەکەمان بڕیاریان دا گرێبەست لەگەڵ هەریەك لە یاریزانان(تارق عامر)ی میسری و هەریەك لە یاریزانانی پیشەگەری ڕۆمانی (ئەدریان ڤۆیکۆلێت، بێرتی نیکۆلا، ئالین کریستیان ستۆیکا) کە ئەم یاریزانانە لە خولەکانی ڕۆمانی یارییان کردووە، خاوەن ئاستێکی بەرزی یاری کردنن لە هێلەکانی یاری کردن، ئێمە متمانەی تەواویشمان بەم یاریزانانە هەیە کە دەتوانن لەگەڵ یانەکەمان ئاستێکی بەرز لەیارەکانی ئەم وەرزە پێشکەش بکەن، ئەو یاریزانانە تاقیش کراونەتەوە لەلایەن دەستەی ڕاهێنەرانی تیپەکەمان، گرێبەستی سەرجەم ئەم یاریزانانەش دەگاتە ١٦٠هەزار دۆلار بەبێ بوونی هیچ مووچەیەکی مانگانە ئەم یاریزانانەش لەسەر دوای حەمید سەلمانی ڕاهێنەر گرێبەستیان لەگەڵ مۆرکراوە. وتیشی هیچ کێشەو گرفتێکمان نییە لە ریزی یانەکەمان بۆ دەست پێکردنی وەرزی نوێی خولەکە.گوتیشی جگە لەم چوار یاریزانە پیشەگەرە ژمارەیەك یاریزانی تریشمان هێناوە لە یانەکانی دیکەی عێراق لە ئایندەیەکی نزیکدا سەرجەم یاریزانەکان پەیوەندی بە یانەکەمانەوە دەکەن، ئەم ساڵ جیا لە ساڵانی ڕابردوو دەمانەوێ سەرکەوین بۆ خولی بژاردەی عێراقی.




# یانەی زاخۆ یاریزانێکی هەڵبژاردەی فەڵەستینی پەلکێش کرد

بەمەبەستی بەهێزکردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی و بەدەست هێنانی ئەنجامێکی شایستە لەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی عێراقی وکێبڕکێ کردن لەگەڵ یانەکانی تری بەشدار لەخولەکە، دوای ئەوەی ئەم ساڵ یانەی زاخۆ گرێبەستی لەگەڵ ژمارەیەك لە یاریزانی پیشەگەری بەتوانا مۆرکردووە و ژمارەیەك یاریزانیی دوورخستۆتەوە، بۆیە دەستەی کارگێڕیی یانەی زاخۆ بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی فەڵەستین و یانەی هەجری سعودی (عەبدوڵلەتیف ئەلبەهداری )مۆربکەن، لەم بارەشەوە خەلیل ئەحمەد سکرتێری یانەی وەرزشی زاخۆ بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی» ئێمە وەکو بەرنامەی تیپەکەمان بۆ بەهێز کردن ریزی پێکهاتەی یانەکەمان و بەدەست هێنانی ئەنجامێکی شایستە لە یارییەکانی خولی نایابی عێراقی دوای گفتوگۆکردنمان لەگەڵ یاریزانی هەڵبژاردەی فەلەستین عەبدوڵلەتیف ئەلبەهداری کە پێشتر بۆ یانەکانی هەجری سعودی و وەحداتی ئوردەنی یاری کردووە یەکێکە لە یاریزانە بەتواناکان لە هێڵی بەرگریی ئێمەش دوای گفتوگۆمان، ئەو بەفەرمی ڕەزامەندیی نیشاندا بۆ یاری کردن بە درێسی یانەی زاخۆ،هەرچەندە ئێمە بە قسە گرێبەستمان لەگەڵی کردووە و ئەویش هیچ کێشەیەکی نییە دەوێت بە زووترین کات پەیوەندی یانەی زاخۆ بکات و لەخولی عێراقی بۆماوەی یەك وەرز یاری لەگەڵ تیپەکەمان دەکات. ئەم وەرزەش دەستەی کارگێڕیی یانەی زاخۆ تەنیا بەمەبەستی بەهێز کردنی ریزی پێکهاتەی یانەکەی گرێبەستی لەگەڵ چەندین یاریزانی پیشەگەری بیانی مۆرکردووە نیازی بەدەست هێنانی ئەنجامی شایستەو کێبڕکێ کردن لەگەڵ یانە بەهێزەکانی عێراقە.

# كۆڤان حەسەن دەچێتە ئیمارات بۆ بەشداری كردن لە پاڵەوانێتیی جیهانی

بڕیارە ڕۆژی چوارشـــەممە ڕێكەوتی ١٩ی ئەم مانگە شـــاندنی هەڵبژاردەی یارییەكانی گۆڕەپان و مەیدانی هەڵبژاردەی خاوەن پێداویســـتیە تایبەتیەكانی عێراق لە وڵاتی ئیماراتی عەرەبی بەشـــداری بكات لە پاڵەوانێتیی فزاعەی جیهانی بكات، لەنێو یاریزانانی هەڵبژاردەش كوڕە یاریزانی كورد گۆڤان حەسەنی یاریزانی شاری ئاكرێ بەشداری پاڵەوانێتییەكە بكات كە وەكو كوڕە كوردێك خاوەنی چەندین ئەنجامی پێوانی جیهانییە لەبارەی بەشداری كردنیشی لەم پاڵەوانێتییەكە بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: پاڵەوانێتییەكە جیهانییە و لە وڵاتی ئیمارات بەڕێوە دەچێت بڕیارە دوو ڕۆژی تر كە دەكاتە ١٩ی ئەم مانگە تاكو ٢٨ی ئەم مانگە پاڵەوانێتییەكە بەڕێوە دەچێت، منیش وەكو یاریزانێكی خاوەن پێداویستیی تایبەت لە هەرســـێ یاریی هاویشـــتنی قورسایی و ڕم و قورس بەشـــداری دەكەم، ڕۆژانە مەشقێكی چڕم ئەنجامـــداوە لە هەردوو شـــاری هەولێرو بەغداد لەسەر دەستی ڕاهێنەری هەڵبژاردەی عێراق ڕەعد ئەسكەندەر، گوتیشی دەست خۆشیی لـــە لیژنەی پـــاڕا ئۆلۆمپی هەرێمی كوردســـتان دەكەم كە هاوكارییەكی باشـــی منیـــان كـــردووە وەكو یاریزانـــی هەڵبژاردەكـــە بەهیوای ئەوەشـــم بتوانم ئاســـتێكی بـــەرز پێشكەش بكەم.





# زێرەڤانی بەفەرمی گرێبەستی لەگەڵ یاریزانێكی سەنیگالی مۆركرد

یانەی زێرەڤانی پێشـــەنگی یانەكانی خولی نایابی یانەكانی كوردســـتان بۆ بەهێز كردنی ریزی پێكهاتەكەی و بەدەســـت هێنانی ئەنجامێكی شایستە لە خولەكە یاریزانی پیشەگەری وڵاتی ســـەنیگال (مادۆكۆناتی)ی هێنایە ریزی یانەكەی بە مەبەســـتی پاراستنی پێشـــەنگی یانەكان و بەدەست هێنانی ئەنجامی شایســـتە لـــەم چەند یارییەكەی مـــاوە و كێبڕكێ كـــردن لەگەڵ یانەكانی تر لەســـەر ئەنجامی باش لە خولی نایابی كوردستان بەفەرمی تاكو كۆتایی ئەم وەرزە گرێبەستی لەگەڵ مۆركرد، لە بارەی دەست نیشان كردنی ئەم یاریزانەش عەبدولخالق حەســـەن ســـەرۆكی یانەی وەرزشـــی زێرەڤانی بۆگۆڤـــاری گوڵان گوتـــی: ئێمە بۆ بەهێـــز كردنی ریزی پێكهاتەی یانەكەمان و بەدەســـت هێنانی ئەنجامی شایســـتە لـــە یارییەكانی داهاتووی تیپەكەمان و كێبڕكێ كردن لەگەڵ یانەكانی تر لەسەر بەدەست هێنانی نازناوی ئەم ساڵ، بیرمان لە هێنانی یاریزانی پیشەگەر كردووە لەم ناوەشدا مادۆكۆناتی بەرەگەز سەنیگالیمان هێناوەتە ریزی یانەكەمان كە پێشتر لە هەڵبژاردەی ســـەنیگال و خولەكانی وڵاتانی لوبنان و نەرویژو توركیا و كوێت و سوریا یاری كردووە خاوەن ئاستێكی بەرزە لە هێڵی هێرشبردن یاری دەكات، ئێمە دوای تاقی كردنەوەمان لە یاریی بەرامبەر تیپی سلێمانی ئاستی ئەو یاریزانەمان بەدڵ بوو و پێویستمان بە تواناكانی ئەو هەیە بە فەرمی گرێبەستمان لەگەڵی مۆركرد، لەبارەی بڕی گرێبەستەكەشی ناوبراو ئامـــادە نەبوو هیـــچ بڕە پارەیەكی گرێبەســـتەكە ئاشـــكرا بكات، تەنیا گوتی: ئەم گرێبەستە تاكو كۆتایی ئـــەم وەرزەی خولی نایابی كوردستانە.

